www.kurdistannet.org
7-3-2003 21:37

# خۆپیشاندان لە نێوان ئەخلاق و بێ ئەخلاقیدا

فایەق سەعید
faiek. saiek@skola. huddinge. se

لەم رۆژانەدا پرسی ئاڵا سوتاندن دێتە ئاراوە و وەك زۆر شتی دیکەش بەبێ ئەوەی یاسایەکمان لەبارەیەوە هەبێ هەر حیزبەو بەپێی بەرژەوەندییەکان و ئارەزووی خۆی شیدەکاتەوە و دەیخاتە چواچێوەیەکی تەسك و تروسکەوە. زۆر جار و لە زۆر بواردا حیزبەکانی ئێمە بەپێی یاسا کۆنەکانی حکومەتێکی فاشی وەکو عیراق بڕیار بەسەر مەسەلەکاندا دەدەن و پەروەندەکان لەیەك جودا دەکەنەوە. من نازانم ئەگەر عیراق یاسایەکی لەبارەی ئاڵا سوتاندنەوە هەبێت یا نا، بەڵام ئەوەی من بیزانم هەر وڵاتەو لەو بوارەدا یاسای تایبەتی خۆی هەیە. ئاڵا سوتاندن لە بنەڕەتدا لەناو وڵاتە دیموکراتییەکانەوە سەری هەڵدا و ئاڵای زۆر وڵاتی گەورەش سوتێنرا بەڵام ئەوەی حکومەتە نیشتیمان پەروەرەکانی کوردستان دەیکەن زوربەی وڵاتانی جیهان نەیانکردووە. ئەوەی بە بیرم بێتەوە لەکاتی شەڕی ڤێتنامدا چەندین جار لە سوید ئاڵای وڵاتێکی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوتێنرا و کەسیش نە زیندانی کرا و نە بەبێ ئەخلاقیش لەقەڵەمدرا. تا ئەو رادەیەش کە شارەزابم کەس لە سویدا لەسەر ئاڵا سوتاندن نەخراوەتەوە زیندانەوە. زۆر جار کە یەکێ ئاڵای وڵاتەکەی خۆی بسوتێنێ یا تەنانەت پارەی وڵاتەکەی خۆی بسوتێنێ (کە وێنەی پاشا یا سەرەك کۆماری تێدابێ) دەدرێتە دادگا و زیندانیش دەکرێ (بۆ نموونە عیراق و تایلەند) .

ئەوەی تاوەکو ئێستا ئاشکرایە کوردستان هیچ جۆرە یاسایەکی لەبارەی سوتاندنی ئاڵای دوژمنەکانەوە نیە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانی خەڵکانێکی خوێن گەرم و بە ئەمەگی ئەم خاکە دژ بە پیلانەکانی دوژمنێکی سەرسەختی وەکو تورکیا کۆمەڵە کەسێکی خوێن گەرم رق و کینەی خۆیان لە سوتاندنی ئاڵای تورکیادا بەرجەستە دەکەن. سوتاندنی ئاڵای تورکیا دڵسۆزی کەسانێك دەردەبڕێ کە بڕیاری هاتنە ژوورەوەی تورکیا ئەوەندە کاری تێکردوون دڵیان بەهیچ شتێك ئاو ناخواتەوە. من لێرەدا ناڵێم ئاڵا سوتاندن کارێکی باشە یا خراپ، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشتێکی ئاسایی دەزانم و ئەوەش هەڵناگرێ پارتێکی گەورەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان وشەی ناشیرین بەرامبەر بەو کەسانە بەکار بێنێ و بە بێ ئەخلاقیان لەقەڵەم بدات. دەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لەوەی بەو جەماوەرە دڵسۆزە بڵێ بێ ئەخلاق، بە تورکیا بڵێ بێ ئەخلاق. ئەگەر ئەوە بە جوان نازانێ ئەو کارە لەگەڵ تورکیادا بکات، ئەوە با لەگەڵ ئەو کوردە دڵسۆزانەشدا ئەو کارەی نەکردایە.

لەپێناوی رازیکردنی دوژمنەکانماندا نێچیرڤان لەو کارە بێتاقەت دەبێ و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو کەسانە بە گێرە شێوێن و نا بەرپرسیار دەزانێ و یەکێك لەو کەسانەی خۆپیشاندانەکەی زانکۆی سلێمانیان سازکرد دەگرێ و بە زەبری لولەی دەمانچە راپێچی ئاسایشی دەکات. هەردوو حیزب بەیاننامەی تایبەت بەو بۆنەیەوە دەردەکەن. بەر لە چەند ساڵێکیش جێگری وەزیری وزە و پیشەسازی لە کارەکەی دەردەکرێ و ملی هەندەران دەگرێتە بەر چونکە لەکاتی گرتنی ئۆجەلاندا پشتگیری کردبوو و ئەو کارەش بووە هۆی زویر بوونی تورکیا.

من پێم وانیە ئاڵا سوتاندن ئەوەندە کارێکی مەزن و ناشیرین بێت تا ئەوەندە گەورەی بکەنەوە و خەڵکی پێ لەکەدار بکەن. باشتر وایە هەردوو حیزب بە خۆیاندا بچنەوە و لەم کاتە ناسکەدا لەبەر دوژمنان دڵی جەماوەری کورد زویر نەکەن. ئەڵبەتە هەردوو حیزب ئازادن لەوەی ئەوە کارەیان پێ باش بێت یا خراپ و دەیانتوانی ئەوە رابگەیەنن کە ئەوان ئاڵا سوتاندن بەکارێکی باش یا راست نازانن، بەڵام جەماوەریش رای خۆی هەیە و ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤەکانی بەرگیکردن لە وڵات و دەربڕینی ناڕەزایی بەمەرجێ لە سنوری یاسادا بێت. ئەگەر حیزبەکان ئاڵا سوتاندن بە کارێکی نایاسایی دەزانن با لەرێگەی پەرلەمانەوە یاسایەکی تایبەت بۆ ئاڵا سوتاندن دەربکەن. کارێکی باش نیە ئەگەر حیزبەکان ژمارە و جۆر و شێوەی خۆپیشاندانەکان دیاری بکەن و ئەڵتەرناتیڤەکانی ناڕەزایی دەربڕینیش لە چوارچێوەیەکدا بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

ئەگەر ئەوانەی ئاڵای تورکیایان سوتاند بەرگریان لە دوژمنانی کورد بکردایە، ئەگەر پشتیوانییان لە نزار خەزرەجی بکردایە، ئەگەر وەفیق سامەڕائییان بۆ کوردستان بانگێشت بکردایە، ئەگەر خیانەتیان لە کوردستان بکردایە، ئەگەر پشتیوانییان لە داگیرکردنی کوردستان بکردایە، ئەگەر گوللەیان بە سینگی نیشتیمان پەروەرەکانی ئەم خاکەوە بنایە، ئەگەر و ئەگەر. . . . . ئەو کاتە شایەن بەوە بوون ئەو شتانەیان پێ بگوترایە و لە زیندانەکاندا توند بکرانایە.

جێگەی پرسیارە بۆ لە نیوەی کوردستان راپەڕینی گەورە ساز دەکرێ و لەنیوەکەی تر بێدەنگییەکی گەورە لە ئارادایە. جێگەی پرسیارە بۆ حیزبەکان تەنانەت لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی خۆیاندا هەواڵی هەندێك لەو مانگرتنانەی هەندەران بڵاوناکەنەوە و بانگەشەیان بۆ ناکەن کە خۆیانی تیادا نین. حیزبەکان دەبێ ئەوە بزانن کە زۆر جار بەرامبەر پێویستی بەوە هەیە ئاگادار بکرێتەوە. ئەگەر تورکیا لەڕێگەی مانگرتن و بەیاننامەوە ئاگادار نەکرێتەوە لەوانەیە هەر وا بزانێت جەماوەری کوردستان بە گوڵ پێشوازییان لێدەکان، چونکە سەرکردەکان بەر لە چەندین هەفتە و مانگ خۆیان ئەوەیان راگەیاندووە. زۆر جار ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر مەبەست دەپێکێ.

ئەمڕۆ دەبێ حیزبەکان لەگەڵ گەلدا لەیەك بەرەدا و بەیەکەوە پشتیوانی لە پاراستنی سەرفرازی کوردستان بکەن و تا بۆیان بکرێ ئازادی جەماوەر بەرز رابگرن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت